## كاكە سۆران عومەر

سڵاو و ڕێزێکی زۆرم . گەلێك سوپاس بۆ سەرنج و نامەکەت . دڵخۆش بووم بەوەی بەڕێزێکی وەك تۆی هێژا کاتت تەرخانکردوە و هەرسێ بەرهەمەکە ڕۆمانی ( چۆن گەیشتمە لای خوا ) و ( پاتریسیا و دیارییەکەی ) و کۆمەڵە کورتە چیرۆکی ( نهێنیەکانی سەری زمانی من و گۆی مەمەکەکانی تۆ ) ت خوێندۆتەوە .هیوادارم بەردەوام بیت لە خوێندنەوەی ئەو بابەتانەی لە ڕێچکەی بیرکردنەوە و فەلسەفە و دنیادیدەی بەریزتانەوە دوورە ئەمە نیشانەی هوشیاری بەریزتانە . کاکە سۆران من پێم وایە ( ئەگەر نووسەر دەسەڵات و ئاوزانی باوی کەڕوهوڵهاتووی کۆمەڵ و ڤیگۆری پڕیمیتیفی کۆمەڵگا توڕە ( بەلەسە ) نەکات ئەوە نووسەرێکی ڕەسەن نیە . توڕە بوون و ووشە و ڕستە زبرەکانت مایەی دڵخۆشیمە چونکە دڵنیات کردم لەوەی مەبەستم پێکاوە .

کاکە سۆارن : نازانم لە چ پلەیەکی کۆمەڵایەتیدایت ( سەڵتی یان خیزانت ) هەیە ؟ ئەمە گرنگ نیە گرنگ ئایا لە ژیانتا خۆت خۆش ویستوە ؟؟ یانی هەستی خۆشەویستیت بۆ ڕەگەزی مێنە کە یاساییەکی سروشتیە هەبووە ؟؟؟؟ بەڕیزتان بەری خۆشەویستی بەڕیزان ( دایکت و باوکتی ) ؟؟؟ ئەگەر وەڵامەکە (ئا) یان ( بەڵی ) بێ پیویستە سڵاوات لە بەرزی و ڕێز و خۆشەویستی بەڕیزان ( دایکت و باوکت ) بدەی چونکە ئەوان ژیانیان بە بەڕیزتان بە خشیوە نەك ( مزگەوت ) . دواجار بە داخەوە ئەو کەسانەی وەك بەریزتان بیر دەکەنەوە لەم ماوەیەدا زانای ئیسلامی کورد بەرێز ( شیخ محمد معشوق الخزنوی ) یان تیرۆرکرد . تەنیا لە بەر ئەوەی داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤی کورد بە زمانی ئیسلامی دەکرد .

کاکە سۆران : هیوادارم پەیوەندیمان وەك دوو دیدی جیاوازی کۆمەڵ هەبێ ... ئاخر براکەم ژیان بە جیاوازییەوە جوانە .

هەموو ڕادیکاڵە ئیسلامیەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران ناتوانن و ناسیونالیستی فارسی ڕێگەیان پینادا ئەم دوو دێڕە لە هۆنراوەکانی خیام ... بسڕنەوە

**گەر عاشق و مەست بچنە جەهەنم**

**بەهەشت چۆڵ و هۆڵ وەك بەری دەستە**

برات جەزا چنگیانی

2005/06/02